# ڕێنماییەکانی خوێندنی سیستەمی بۆلۆنیا لە زانکۆی سۆران

١. لە بۆلۆنیا پرۆسێس لە زانکۆی سۆران یەک (ECTS) یەکسانە بە (٢٥) کاتژمێر، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس قوتابی پێویستە (٢٤٠) ECTS وەربگرێت.

٢. زانکۆی سۆران ساڵی (Foundation)ی نییە بۆ سیستەمی بۆلۆنیا.

٣. لە بارەی دواخستنی قوتابی لە سیستەمی بۆلۆنیا، قوتابی بۆی هەردوو سیمیستەری ساڵێک یان تەنها یەک سیمیستەر دوابخات. ئەگەر یەک سیمیستەری دواخست، بۆ ساڵی دواتر تەنها ئەو سیمیستەرە دەخوێنێتەوە. ئەگەر دواخستنەکە سیمیستەری یەکەم بوو ئەوە لەبەر چاو دەگیرێ کە نابێت ئەو وانانەی پێش مەرج ( (pre Request یان هەیە لە سیمیستەری دووەم بخوێنێت.

٤. هەر قوتابییەک لە سیمیستەرێک لە وانەیەک کەوت کە ئەو وانەیە پێش مەرج ( pre Request) بوو، ئەوا پێویستە لە سیمیستەری دواتر ئەو وانەیە بخوێنیتەوە و لێی دەربچێت بۆ ئەوەی بتوانێ دەست بە خوێندنی وانەی هاوشێوە بکات.

٥. قوتابی لە سیستەمی بۆلۆنیا تەنها بۆی هەیە لە (٤) چوار سیمیستەر دواخستن یاخود کەوتنی هەبێت و نابێت میچی خوێندنی لە (٦) شەش ساڵ تێپەر بکات، بە پێچەوانەوە

قوتابی (ترقین قید)دەکرێت و دوای گەرانەوەی بۆ خوێندن شێوازی خوێندنەکەی دەبێت بە سیستەمی پاڕالێل.

٦. قوتابی ئەگەر پاساوی هەبوو بۆی هەیە تا (٤) چوار سیمیستەر دوا بخات. دواخستنی دوو سیمیستەری یەکەم لە دەسەڵاتی ئەنجومەنی فاکەڵتییە و دوو سیمیستەری دووەم لە دەسەڵاتی سەرۆکی زانکۆیە، دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی فاکەڵتی ڕاسپاردە دەکرێت.

٧. ئەو قوتابییەی دەیەوێ دواخستن بکات، دەبێت بە لایەنی کەم مانگێک بەر لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی سیمیستەر داواکە پێشکەشی بەش بکات.

٨. ئەگەر سەلمێنرا کە قوتابی گزی(غش)ی کردووە لە تاقیکرنەوەکان(ڕۆژانە، مانگانە، کۆتایی سیمیستەر)، ئەوە لە کۆی سیمیستەرەکە بە کەوتوو دادەنرێت. ئەگەر دووبارەی کردەوە ئەوە ناوی لە تۆمارەکان دەسڕدرێتەوە واتە (ترقین قید) دەکرێت.

٩. ئەگەر گزی (غش)ەکە لە سیمیستەری یەکەم بوو ئەوە لە بەرچاو دەگیرێ کە نابێت ئەو وانانەی پێش مەرج ( pre Request) یان هەیە لە سیمیستەری دووەم بخوێنێت.

١٠. لە کاتی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکانی خولی یەکەم قوتابیان ئەنجامەکان تەنها بە شێوەی نمرە وەردەگرنەوە، دوای ئەنجامدانی خولی دووەم ئەنجامەکان بە شیوەی نمرە و ئاست وەردەگرنەوە، دیاریکردنی ئاستی قوتابیان لەسەر بنەمای ڕێژەی دەرچوونی قوتابیان دەبێت کە لە سیستەمی بۆلۆنیا ئاماژەی پێکراوە.

١١. نمرەی خوێندن لە سیستەمی بۆلۆنیا بەم شێوەیە دەبیت (٦٠) شەست نمرە بۆ کۆششی سیمیستەر و (٤٠) چل نمرە بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ.

١٢. ئەنجومەنی بەش لە ڕێی لیژنەی زانستیی بەشەوە بۆی هەیە ساڵانە بە ڕێژەی (١٠٪) موفرەداتی پرۆگرامی خوێندن دەستکاری بکات، دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی لە ئەنجومەنی فاکەڵتییەوە.

١٣. خوێندن لە سیستەمی بۆلۆنیا بۆ هەر سیمیستەریک بریتییە لە (١٥) پانزدە هەفتە، کە ئەم ماوەیە ڕۆژانی ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان ناگرێتەوە.

١٤. نمرەی دەرچوون بۆ هەر بابەتێک بریتییە لە (٥٠) پەنجا، هەروەها (٤٩) چل و نۆ نابێتە پەنجا، بەڵام (٤٩,٥) چل و نۆ و نیو بە سەرەوە دەبیتە پەنجا.

١٥. ئەگەر قوتابی لە خولی دووەم لە وانەیەک یاخود زیاتر دەرنەچوو، پێویستە قوتابی ناوبراو لە سیمیستەری دواتر یان دەرفەتێکی تر ئەو وانەیە بخوێنێتەوە و لێی دەربچێت.

١٦. قوتابیی کەوتوو داوا ناکرێت لەو بابەتانەی لادراون بە هۆی گۆڕینی مەنهەج، هەروەها داواکراو دەبێت لە بابەتە نوێیەکان.

١٧. هەر قوتابییەک کە دەگاتە سیمیستەری پێنجەم پێویستە بە لایەنی کەم (٩٠) یەکەی (ECTS)ی وەرگرتبێت. بە پێچەوانەوە ناتوانێت سیمیستەری پێنجەم و بەرزتر بخوێنێت.

١٨. هەر قوتابییەکی قۆناغی یەکەم لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٨-٢٠١٩) لە (٢) دوو وانەی ساڵانە و زیاتر، یان (٣) سێ وانەی وەرزی و زیاتر کەوتبێت، ئەوا بە کەوتوو هەژمار دەکرێت و خوێندنی بۆلۆنیا پڕۆسێسی بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

١٩. لیژنەی زانستی بەش هاوسەنگی بۆ ئەو بابەتانە دەکات کە لە قۆناغی یەکەم خوێندوویەتی بەم شێوەیەی خوارەوە:

آ. بۆ وانه سەرەتاییەکان و یارمەتیدەرەکان ( Basic course and Support course)، ئەگەر دەرکەوت قوتابی ڕێژەی (٧٠٪) ی بابەتەکەی بە سەرەوە خوێندووە، ئەوە قوتابییەکە لەو بابەتە دەبەخشرێت.

ب. بۆ وانە سەرەکیەکان ,(Core course) ئەگەر دەرکەوت قوتابی ڕێژەی (٧٠٪) ی بابەتەکەی بە سەرەوە خوێندووە، ئەوە دەسەڵاتی لیژنەی زانستی بەشە کە لە وانەکەی ببەخشیێت یان پێی دووبارە بکاتەوە.

ج. بۆ هەموو وانەکان ئەگەر دەرکەوت قوتابی ڕێژەی (٧٠٪) کەمتر خوێندووە، ئەوە دەبێت وانەکە دووبارە بکاتەوە.

٢٠. ئەو قوتابییانەی لە (٢) دوو وانەی ساڵانە و زیاتر یان (٣) سێ وانەی وەرزی و زیاتر کەوتوون، کە دەچنەوە قۆناغی یەکەم و دەردەکەوێت کە یەکێک لەو وانانە یان زیاتر یان هەموو وانەکان لە قۆناغی یەکەم نەماون، ئەوا بە دەرچوو هەژمار ناکرێت و هەر لە قۆناغی یەکەم دەمێنێنەوە.

٢١. هەژمارکردنی نەهاتنی قوتابییان بەهەمان ڕێژەی سیستەمی پێشووتر دەمێنێتەوە، تەنها ئەوە لەبەرچاو دەگیرێت کە پێشتر ئەگەر سیستەمەکە ساڵانە بووبێت ئەوا لە بۆلۆنیا پرۆسێس ڕێژەکە بۆ هەر سیمیستەرێک بە جیا هەژمار دەکرێت.

٢٢. ڕاگرایەتیی فاکەڵتی و سەرۆکایەتیی بەشە زانستییەکان، قوتابییان زیاتر وشیار بکەنەوە پێیان ڕابگەیەنن کە کاتێک قوتابی دەرناچێت ئەوا ساڵی دواتر سیستەمی بۆلۆنیا جێبەجێ دەکرێت و قوتابی خۆی بەرپرسیار دەبێت لەهەر گۆڕانکاریەک.